

## ڕۆژنامەنووس مەنسور جیهانی:

# ڕاستە کاری ڕۆژنامەنووسی ئەزموونە، بەڵام پێویستی بە بواری ئەکادیمی هەیە

✿ تائێستا لە نێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەو ئاستەی پێویست بێت ڕۆژنامەنووسی ئەکادیمی نییە، ئیدی لە تەواوی بوارەکانی کاری ڕۆژنامەنووسیدا ئەمە ڕەنگی داوەتەوە و ئەم هۆکارەش وایکردووە ئەو پیشە و هونەرە لە نێو کوردا نەتوانێت پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆوە ببینێ.

نەبوونی پەیمانگاو کۆلیژی تایبەت و نەکردنەوەی خولی بەردەوامی ڕۆژنامەگەری هۆکارێکی دیکەی ئەم گەشەسەندنەن.

ئەمەش بەو مانایە نییە ئیدی کەسمان لەم بوارەدا نییە بەڵام بە نموونە لە باشووری کوردستاندا تا ئێستا ئەو هەنگاوە نەنراوە هەر بۆیەش ڕۆژنامەی کوردی ناتوانێت لە نێو ڕۆژنامەکانی جیهان و دەوروبەردا وەک نموونەیەکی زیندوو خۆی نمایش بکات.

تاک و تەرا ئەو هەوڵانە دەبینین لە پارچەکانی تری کوردستان و لە دەرەوەش خەڵکانێک دەیانەوێت وەک ڕۆژنامەنووسی پیشەیی و زانستی کاربکەن.

مەنسور جیهانی یەکێکە لەو هەوڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە کالۆریۆسی پەیامنێری دەخوێنێ لە زانکۆی هەواڵ ـ دانیشکەدەی خەبەر لە تاران و ماوەی حەوت ساڵە لەو بوارەدا کاردەکات و لە زۆرێک لە ڕۆژنامە دیارەکانی ئێراندا کاردەکات.

مەنسور یەکێک لە ئەندامانی شاندی ڕۆژنامەنووسانی ئێران بوو کە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لە دیمانەیەکدا لە مەڕ کاری ڕۆژنامەگەرییەوە ئەم پرسانەمان لە گەڵدا ورووژاند.

**دیمانە: نامق هەورامی**

*** بەپێی تایبەتمەندی کارەکەتان کە پەیامنێرییە، بە لای ئێوەوە پەیامنێری سەرکەوتوو کێیە؟**

– پەیامنێری سەرکەوتو کەسێکە سەرەتا دەبێت لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆبێت، لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا ڕاستگۆبێت چونکە ئەمڕۆ لە کاری ڕۆژنامەگەریدا جۆرێک شەڕ هەیە کە شەڕی ئەو کەسەیە لەگەڵیدا دەدوێیت یان ئەوەی لە بەرامبەرتە تۆ دەخوێنێتەوە، متمانەو بڕوا دوو پایەی سەرەکی پەیامنێرن و ئەگەر ئەو دوانەت لەدەستدا ئەستەمە خوێنەرت بۆ دروست ببێت، ئەرکی پەیامنێرە بۆ ئەوەی متمانە لە دەست نەدات هەمیشە پەیام و هەواڵ و زانیاری باش بداتە خوێنەران چونکە ئەمڕۆ میدیا بەرفراوانە ئەگەر بڵاوکراوەیەک نەیتوانی خوێنەری خۆی ڕازی بکات ئەوا کەناڵی دیکە ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە بۆ خوێنەر و ئەمڕۆ لە دنیادا شەڕ شەڕی ئەوەیە چۆن زۆرترین خوێنەر پەیدا دەکەیت بە ڕاستگۆیی.

*** هونەری پەیامنێری چییە؟**

– لە بنەڕەتا پەیامنێری هونەرو پیشەیە، پێویستە ئەزموون پشت بەستو بێت بە ئەکادیمیا ئەوەش هونەری کارە، پەیامنێر بەر لەوەی کارێک بکات پێویستە لە خۆی بپرسێت چ کارێک دەکات؟ چی دەنوسێت؟ بۆ کێ دەنوسێت؟ لە بارەی چییەوە دەنوسێت؟

ئەگەر توانی وەڵامی ئەو چەند پرسیارە بداتەوە بە خۆی ئەوە ئامانجی پێکاوە لەوەی پێویستە بە خوێنەری بدات.

*** هونەری دروستکردنی هەواڵ چۆنە؟**

– پێویستە پەیامنێر بزانێت لەو شتانەی کردونی کامەیان بەرجەستە ترە بیکاتە مانشێت بۆ ئەوەی خوێنەرەکەی تێر بکات لە زانینی هەواڵ و زانیاری.

*** لە نێوان ڕۆژنامەنووسی مەکتەبی و ڕۆژنامەنووسی مەیدانیدا کامیان هەڵدەبژێریت....بۆ؟**

– بەڕای من ئەرکی گەورە لەسەر

رۆژنامەنووسی مەیدانییە، هەر ئەو دەتوانێت کێشەیەک ببینێت و لێکی بداتەوە و بیکاتە کەرەسەی خوێندراو، دەبێت رۆژنامەنووسی مەیدانی هەمیشە لەگەڵ سەرنوسەردا گفتوگۆی هەبێت و لە گرنگی بابەت و هەواڵەکان ئاگاداری بکاتەوە بۆ ئەوەی بە پێی پێویست گرنگی پێبدرێت،لە رۆژنامەباشەکانی دنیادا وا باوە کە رۆژنامەنووسی مەیدانی هەمیشە لەگەڵ سەرنوسەرەکەیدا شەڕەیەتی لەسەر گرنگی سوژە و بابەتەکانی، سەرنوسەر بە هەواڵێکەوە یان راپۆرتێکەوە ماندوو نابێت بۆیە رەنگە هەقی نەداتێ، بەلام رۆژنامەنووسەکە زەحمەتی بەو کارەوە کێشاوە بۆیە هەقی خۆیەتی پێداگرێت لەسەر چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی و سەرنوسەریش دەبێت رێز لەو پێگیرییەی رۆژنامەنووس یان پەیامنێرەکە بگرێت.

### * هونەری وێنە لە نێو رۆژنامەگەریدا چۆن دەبینین؟

- یەکێک لە پایەکانی رۆژنامەنووسی وێنەیە کە هاوکاری دەبێت لە جوانکردن و متمانە پێکردن و کرانەوەی هەواڵێک یان راپۆرتێک بۆ خوێنەر، خوێنەریش زوتر ئەو بابەتە وەردەگرێت رۆژنامەکانی دنیا بۆ هەر لاپەرەیەک وێنەگری تایبەتی خۆیان هەیە، وێنەگری کۆمەلایەتی جیاوازە لە سیاسی و لەوەرزش و هەموو بەشەکانی تر لێک جیاوازن، ناکرێت هەمان چاوو هەمان عەقل و هەمان کامێرە وێنە بۆ تەواوی لاپەرەکان بگرێت لە لاپەرەکانی ئەدەب و هونەریشدا هەر وێنەگری جیا هەیە، وێنەگری سینەما جیایە لە وێنەگری شانۆ یان شێوەکاری، بە نموونە لە کاتی شەڕی ئەمەریکاو عێراقدا ئێمە لە زانکۆ لێکۆڵینەوەو بەراوردێکمان کرد لە سەر لاپەڕەی یەکەمی ٣٠٠ دانە لە رۆژنامەکانی جیهان بینیمان بایەخی زۆر بە وێنە دراوە لەو شەڕەدا چونکە وێنە هەواڵ پشتڕاست دەکات. جگە لەوێنە بەشێکی تر هەیە لە رۆژنامەو بڵاوکراوەدا کە بە خاڵی یان بە بەتاڵی جێدەهێڵرێت ئەویش بۆ خۆی مانای هەیە و جۆرێکە لە موخاتەبەی خوێنەرو خوێنەریش لێی تێدەگات، تایتڵ جیایە، ناونیشانی لاوەکی و سپۆت جیایە،

بەداخەوە لێرە لە باشوور هەندێک شت دەبینم زۆر سەیرە لەوانەش مانشێت زۆر دووردرێژە کە نابێت وا بێت نابێت لە مانشێتدا نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان و کۆماو کەوانە و وێرگوڵ هەبێت، یان ناوی وێنەگر لە پاڵ وێنەیەکدا نانوسرێت ئەوەش پێچەوانەی کاری رۆژنامەگەرییە و، بۆیە دەلێم وێنە گرنگە چونکە زۆر جار دنیا بە وێنەی وێنەگرێک لە رووداوێکدا ئاگاداری مەسەلەیەک دەبێت و ئەو وێنەیەش دەکرێت ئاژانسەکانی تر سوودی لێوەرگرن وەک ئەوەی لە رووداوی زەوی لەرزینەکەی شاری (بم)دا وێنەگرێکی ئێرانی بۆ ئاژانسی AFP نارد کە ئەویش (حەسەنی سەربەخشی) بوو ئەو وێنانەش لە دنیادا بڵاوبوونەوە. لە دیمانەکاندا دەبێت وێنەگر چەندین نێگەتیف وەرگرێ بۆ ئەوەی کامیان باشتر و شیاوتر بێت کەچی لێرە وێنەی رەسمی بەکاردێت بۆ دیمانەکان.

دیمەوە سەر مانشێت (تیتر) پێویستە مانشێت کورت بێت، ریتمی تێدا بێت، هیچ هێماو نیشانەیەکی تێدا نەبێت ناکرێت تۆ لە خوێنەر بپرسی لە کاتێکدا خوێنەر خۆی بە دوای وەلامدا دەگەڕێ، بۆیە دەبێت لە تەواوی دنیادا رۆژنامە بپرسێت بۆ ئەوەی وەلامێک بۆ خوێنەرەکەی پەیدا بکات.

### * وەک رۆژنامەنوسێک بەدەر لەوەی کوردیت کە گەڕاپیتەوە لەسەر کوردستان چی دەنوسیت؟

- من کاتێک هەواڵێک دروست دەکەم وەک رۆژنامەنوسێک کار دەکەم چونکە مەرجی یەکەمی رۆژنامەنووسی بێلایەنییەتی لە نوسین و هەواڵدا و منیش بەو جۆرە خوێندومە کە خەلکی هەرکوێ بم دەبێت پەیوەندی بە کاری راپۆرت و هەواڵەکەمەوە نەبێت، پەیامنێر دەبێت هەواڵ وەک خۆی دابڕێژێت و بۆی نییە دەسکاری بکات، ئێمەش لێرە وتووێژو راپۆرتی باشمان ئامادەکردووە، کە چوینەوە ئەم واقیعە دەنوسینەوە بۆ خوێنەرەکانمان.

### * تێڕوانینی هاوکارەکانتان لەسەر بارودۆخی کوردستان چۆن بوو؟

- لە راستیدا ئەوان نەیاندەزانی بارودۆخی کوردستان بەم شێوەیە پێیان وا بوو تا ئێستا لێرە تەنها شەڕو چەک مۆدی هەیە. بەلام خۆیان دەلێن کە بینیمان فەرهەنگ هەیە، رۆژنامەگەری هەیە، ئازادی چاپ و رادەربڕین هەیە و پێیان خۆش بوو کە لێرە رۆژنامە داناخرێت و بە دەگمەن رۆژنامەنووس دەچێتە زیندانەوە.

لە رووی جوانی و ئاوەدانییەوە شاری (دهۆک) یان زۆر لەلا جوان بوو هەستیان دەکرد شەڕ دووربووە لەم ناوچەیە لە هەمووی گرنگتر بەلای ئەوانەوە کەسایەتی سەرۆک مسعود بارزانی بوو کە پێیان وابوو کەسایەتییەکی دیاری ئەم ناوچەیە، لە دوو دانیشتندا لە گەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە تایبەتی کاتێک بە فارسی لەگەڵیاندا دەدوا ئەوەیان لا دروست بوو کە بەڕێزیان تاکە کەسێکە دەتوانێت کوردستان دروست بکاتەوە بەلام ئەگەر رەچاوی ئەوە بکات ئەوانەی لە دووربەریدان بە هەلەیدا نەبەن، ئاستی کەسایەتی ئەو دوو بەڕێزەیان زۆر لاپەسەند بوو. ■